
# رامان

ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان

چرکەیەک لە خروری خوادا ڕاوەستە
ئەم بەفری غوربەتە لەبەرتا ڕامالّە
بچۆرە خەڵوەتگای عەشقەوە
ڕامێنە لە جوانی بەندەی ئەو
لەشەوە تاریکەکان
ئەستێرەیەک بکە گوارەی ئەو گۆرانییەی
لە شۆڕبوونەوەی حەز
بارینی تریفەی ئەوین
داڕمانی دڵ دەچێ
چرکەیەک ڕاوەستەو
نیگای قەسیدەیەک لە جەرگی پێنوسێکدا بکێشە
وردبەرەوە لە بای ئەجەل
ڕەهێڵەی لەناوچوون
مردنی گەڵای تاسە
چاوانت پڕکە لە باران
گیرفانەکانت بەرامەی شیعریان لەسەر پەخشکە

چەند جوانە..؟
بۆنی خاک
تامی جوانی
چێژی ئەو وشانەی
لە پاییزی هیواکاندا
چاوشارکێ لەگەڵ تەمەنتا دەکەن
دەجەنگێن دژی گوناه و
لە سۆزی خواییدا دتوێنەوە

تاوێک چاوشارکێی ئەستێرەکان گرِبدە
لە گڕی خۆرە تاوێکی هاویندا
سێبەرێک ساز بکە
لە خوێنی نەرمەبایەکدا
گەڵایەک بە شەونمی لێوەکانت پاککەرەوە
وردبەرەوە لەو لاسکانەی عاشقی هێلانەن و
لە سووتانێکا رەگی خۆیان جێدەهێڵن
رامێنە لەو هەوارگانەی
لە ترسی چرایەکدا
تیشکی ئەستێرەیەک ئەدەن بە شاندا
چرکەیەک لە حزوری خوادا راوەستە
لە رۆحی چۆلەکەیەکدا
درک بە پیرۆزی ئاسمانەکان بکە
لە چێژی دەنکە ترێیەکا
گلێنەی هەور رامووسە
لە کردنەوەی پەنجەرەی پرستگایەک
گەرووی رێگاکان بەزام بناسێنە
بەرماڵێک راپێچەو
بە پەڕەیەک دەروونت ببەستە
بۆ دواچرکە لە حزوری خوادا راوەستە